# دەنگی پێی حەماس لە عێراق

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا هەواڵی میوانداریکردنی بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی لە عێراق، بوو بە نێوەرۆکی چەند ڕاپۆرتێکی بیانی و عەرەبی؛ بەپێی هەندێك هەواڵی پشتڕاستکراوەیش بزووتنەوەکە ئۆفیسێکی پەیوەندیی لە عێراقدا بەکردەیی کردۆتەوە. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی زەمینە و لێکەوتەی ئەم پێشهاتە گریمانکراوەیە لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵوێستە دەکات.

**دەنگۆکانی گواستنەوەی حەماس بۆ عێراق**

ڕەنگە ڕۆژنامەی "ذا ناشیونال" کە میدیایەکی ئیماراتییە و بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە، یەکەمین هۆکاری بڵاوکردنەوە بێت کە باسی لەوە کرد سەرکردەکانی حەماس پلانی جێهێشتنی دۆحەی پایتەختی قەتەریان بەرەو عێراق هەیە. ڕۆژنامەکە، کە بارەگاکەی لە شاری لەندەنە، لە زاری سەرچاوەکانییەوە بانگەشەی ئەوەیشی کردووە حکوومەتی عێراقی لەسەر میوانداریکردنی حەماس لەسەر خاکەکەی ڕازی بووە؛ بە شێوەیەك کە ئێران "لە ڕێگەی باڵەکانییەوە" ئەرکی پاراستنی نووسینگە و کادرانی بزووتنەوە فەڵەستینییەکە بگرێتە ئەستۆ لە بەغدا. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە تیمە ئەمنی و لۆجستییەکانی حەماس هاتوونەتە بەغدا بۆ ئامادەکاری؛ لەسەر ئاستە سیاسییەکەیشی "ئیسماعیل هەنییە"ی سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حەماس و نوێنەرانی ئێران و عێراق گفتوگۆی بابەتەکەیان کردووە. پەرلەمانتارێکی ناسراوی عێراق کە سەرۆکایەتیی حزبێك دەکات و نزیکە لە گرووپە چەکدارەکان، ئەم زانیارییانەی پشتڕاست کردۆتەوە؛ باسی لەوەیش کردووە ئیسماعیل هەنییە و محەمەد شیاع سوودانی لەو بارەیەوە بە تەلەفۆن قسەیان کردووە. لە سەرەتایشدا بزووتنەوە فەڵەستینییەکە ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی وەك دەسپێك ئۆفیسێکی میدیایی لە عێراقدا بکاتەوە[1].

ئەم ڕاپۆرتە و سەرجەم ئەو هەواڵانەی تر کە باس لە گواستنەوەی حەماس دەکەن بۆ عێراق، لە دۆخێکدایە تەشەنەیان کرد کە سێ پێشهاتی هەنووکەیی هەبوون:

**یەکەم:** کردنەوەی ئۆفیسێك لەلایەن بزووتنەوەی حەماسەوە لە بەغدا و نزیك لە فڕۆکەخانەی پایتەخت؛ هەروەها سەردانکردنی ئەو ئۆفیسەیش لەلایەن هەندێك هێزی سیاسیی عێراقییەوە بەئاشکرا[2]. بەپێی ئەو زانیارییانەیشی بەردەستن، ئۆفیسەکەی حەماس بۆ پەیوەندی و کاری ڕاگەیاندنە، نووسینگەکەیش ڕەزامەندییە فەرمییەکانی حکوومەتی عێراقی هەیە[3]؛ بەڵام باوەڕێك هەیە ئەمە سەرەتا و تاقیکردنەوە بێت بۆ ئەگەری گواستنەوە لە داهاتوودا، یان لە کاتێکدا پێویست بکا و، سەرەتایش بەم هەنگاوە دەستی پێ کردووە.

**دووەم:** چەقبەستنی دانوستانی ئاگربەست و گۆڕینەوەی گیراوەکان لە نێوان حەماس و ئیسرائیلدا؛ لە نێوەندیشیدا باس لەوە کرا گوایە قەتەر کە وڵاتی نێوانگر (وسیط) و لە هەمان کاتدا میوانداریی باڵی سیاسیی حەماسیش دەکات، ناچار بووە لەژێر گوشاری ئەمریکا و ئیسرائیلدا حەماس ناچار بە

گواستنەوە بکات ئەگەر هات و مل بۆ ئاگربەست کەچ نەکات[4].

**سێیەم:** قسەیەکی تر هەیە کە حەماس خۆی هەواڵ و دەنگۆی گواستنەوەی گریمانکراوی بۆ عێراق وەك کارتی گوشار بەرامبەر قەتەر و وڵاتانی تر بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی زۆر نەخرێتە ژێر گوشارەوە؛ هەروەها دەیەوێت وێنەیەکی وا دروست بکات کە ئەگەر قەتەریش نەبێت، ئەوە جێگرەوەی هەیە و بنکەی سەرەکیی خۆی بۆ عێراق دەگوازێتەوە[5].

دەشێت پێشهاتی یەکەم و سێیەم لەوی دیکە ڕێتیچووتر بن و هەواڵی کردنەوەی ئۆفیسە بچووکەکەی حەماس لە بەغدا کرابێتە بۆمبێکی دووکەڵینی گەورە بۆ دروستکردنی وێنایەك کە حەماس جێگرەوەی قەتەری هەیە، ئەگەرنا هاتن بۆ عێراق بەو ئاسانییە نییە؛ چونکە پاراستنی ئاسایشی حەماس و بڕیاری ئەمنی و سیاسی لە عێراق ئاڵۆز و فرەجەمسەرە و زۆر هاندەر نییە بۆ ئەوەی هەنگاوی لەو شێوەیە بەپەلە بهاوێژرێت. لەم بەینەیشدا ژمارەیەك بەرپرسی ئەمنی و سیاسیی عێراق کە هەڵگری سیفەتی فەرمین لە لێدوانی جیاجیادا، بۆ میدیایەکی قەتەری زانیارییەکانی ڕۆژنامە ئیماراتییەکەیان ڕەت کردەوە و بە ناڕاست دایانە قەڵەم، بەبێ ئەوەی زۆر بچنە ناو وردەکارییەوە[6]. دوای ئەوەیش، لەسەر ئاستی جیاجیا بەرپرسە عێراقییەکان- لەنێویشیاندا وەزیری دەرەوە- جەختیان لەوە کردەوە ئاگاداری بڕیاری گواستنەوەی حەماس نین بۆ عێراق، بەبێ ئەوەی بچنە وردەکاریی ئەوەی ئاخۆ بڕیاری کردنەوەی ئۆفیسەکە ڕاستە یان نا. لای خۆیشییەوە بزووتنەوەکە لە ڕێگەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە (عیزەت ڕەشقە) تەنیا ڕەتی کردەوە بنکە و بارەگاکانی لە قەتەرەوە بۆ عێراق بگوازێتەوە[7].

**زەمینە و پاڵنەری گواستنەوەی گریمانکراوی حەماس بۆ عێراق**

ناکرێت باس لە گواستنەوەی حەماس بۆ عێراق بکرێت، بەدەر لە کاریگەریی ئێران و هاوکێشە هەرێمایەتییەکەی ناوچەکە؛ ئەمەیش لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە: یەکەمیان پەیوەندیی بەهێزی حەماس و ئێرانە کە لەپاش هێرشی ئۆکتۆبەری 2023وە لە هەموو کات زیاتر پتەوتر بووە. دووەمیشیان هەژموونی زۆری ئێرانە بەسەر بڕیاری ئەمنیی عێراق و مەحاڵبوونی سەرگرتنی وەها هەنگاوێکە دوور لە کاریگەریی و ڕەزامەندیی ئەو باڵە چەکدار و پێکهاتە سەربازییانەی کە ئەجێندای "بەرەی موقاوەمە"ی ئێرانی جێبەجێ دەکەن. لە دەرەوەی ئەمەیش بە شێوەیەکی گشتی چەند فاکتەر و پاڵنەرێکی تری ئەم هەنگاوە بەردەستن، کە دەشێت بەم جۆرە بخرێنە ڕوو[8]:

– لێکەوتەکانی جەنگی غەززە کە نەخشەی سیاسی و هاوپەیمانێتیی ناوچەکەی گۆڕیوە، لەم نەخشەیەیشدا عێراقی گرووپە چەکدارەکان بەتەواوەتی هاوپەیمانی حەماس و فەڵەستینە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا. ئەمەیش کۆدەنگیی سیاسی و فەرمیی لەسەر نییە و حکوومەت لە هەوڵدایە لە پێگەیەکی مامناوەندی کێبرکێ و ململانێکەدا بوەستێت.

– بێزاربوونی قەتەر لە بارگرانییەکانی میوانداریکردنی باڵی سیاسیی حەماس، بەتایبەت کە بەشە سیاسییەکەی کاریگەریی لەسەر بەشە سەربازییە مەیدانییەکەی کەمە لە غەززە و کەرتی ڕۆژاوا؛ ئەمەیش وای کردووە زۆر جار نێوانگرییەکانی قەتەر کێشەی بۆ دروست ببێت یان لە ئەمریکاوە بخرێتە ژێر هەڵمەت و ڕەخنە و، بە داڵدەدانی تیرۆر تۆمەتبار بکرێت و داوای سزادانی بکرێت.

– هەوڵی ئێران بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتیی حەماس و کۆکردنەوەی پارچە جیاجیاکانی لە ڕێگەی بەغداوە وەك پایتەختێکی عەرەبی.

– هەوڵی ئێران بۆ قۆرخکردنی مەسەلەی فەڵەستین لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی ڕەهای حەماسەوە؛ لەم هەوڵەیشدا ئێران لە بەردەم ڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامی، پشتیوانیکردنی فەڵەستین بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و ئیحراجکردنی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو بەکار دەهێنێت.

– گونجاویی بەغدا وەك پێگەیەکی مامناوەند لە جەنگی بەوەکالەتدا؛ چونکە گواستنەوەی حەماس بۆ بەغدا، ڕاستەوخۆ دەیکاتە بزووتنەوەیەکی ئێرانیی پەتی. بەمەیش هاوسۆزیی جیهانی سوننە لەدەست دەدات و دەچێتە خانەی باڵە ئێرانییەکانەوە.

**لێکەوتەکانی گواستنەوەی حەماس بۆ عێراق**

یەکەم سەرنج لەسەر هاتنی گریمانکراوی حەماس بۆ عێراق، دەشێت تێوەگلانی عێراق بێت لە قەیرانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی؛ بەو پێیەی حەماس لە لیستی هێزە بێزراوەکانی ئەمریکادایە. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم چەند لێکەوتەیە چاوەڕوانکراوە:

– دەشێت هاتنی حەماس بۆ بەغدا، عێراق بخاتە جەمسەری دژەڕۆژاوا و لە هەمان کاتیشدا بیکاتە ئامانجی گوشار و گەمارۆ و سزای داراییی ئەمریکی و دامەزراوە ئەوروپییەکان. ئەمەیش کاریگەریی لەسەر بەهای دراوەکەی و ئابوورییەکەی دەبێت. لەمەیشدا سەرجەم پێکهاتە و بەشەکانی عێراق باجەکەی دەدەن- بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

– ئەگەری زاڵ ئەوەیە هەبوونی حەماس لە عێراق، دووچاری هێرشی سەربازی و ئاسمانیی فڕۆکەکانی ئیسرائیلیشی بکاتەوە لەسەر شێوازی باشووری لوبنان کە ئێستا بەهۆی پشتیوانی لە جەنگی غەززە بووەتە گۆڕەپانێکی کراوەی جەنگی ڕۆژانە[9].ی لەو کاتەشدا پەرچەکرداری گرووپە شیعییەکان بۆ سەر بەرژەوەندییە ڕۆژاواییەکان چاوەڕوانکراوە؛ لەمەیشدا هیچ گەرەنتییەك نییە کوردستان بەدەر بێت.

– بەپێی هەندێك لێکدانەوە، ئەگەر عێراق داڵدەی حەماس بدات، کێشە بۆ هاوسەنگیی عەرەبی و ئیسلامییش دروست دەکات و لەگەڵ کەنداو و میسر و سعوودیاش دووچاری کێشەی دەکاتەوە، چونکە ئەو وڵات و لایەنانەیش پەیوەندیدارن بە دۆسیەکە و، بڕیاری تاکلایەنە لەم بوارە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتانەیش هەیە؛ بەتایبەت ئەگەر بێت و میوانداریيەکەیان لەلایەن ئەو گرووپانەوە بێت کە نەیاری وڵاتانی عەرەبین[10]. گرژییەکانی ئەم دواییەی گرووپەکان و وڵاتانی ئوردن و کوێتیش نموونەیەکی بەرچاون.

– لەسەر ئاستی ناوخۆیی، کۆدەنگی لەسەر میوانداریکردنی حەماس نییە. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە کورد و سوننە دژی ئەو هەنگاوە بن؛ بەو پێیەی دەچێتە خانەی بەهێزکردنی کارتی شیعەی سیاسی و چەکدارەوە، هەروەها دەبێتە هۆی تووڕەکردنی ئەمریکا و قووڵکردنەوەی ناکۆکی لەگەڵی. جگە لەوەیش بارگرانیی سزای داراییی بۆ وڵاتەکە دروست دەکات کە تێیدا هەموو لا دەبنە قوربانی.

– ئەگەر حەماس هاتە عێراق، ئەوە لەژێر چەتری گرووپە چەکدارەکاندا دەبێت. ئەمەیش لەسەر حیسابی حکوومەت و تێوەگلانە لە جەنگی میحوەرەکان، بەتایبەت کە هەندێك لەوانە بەئاشکرا نایشارنەوە کە سینگ

بۆ بەندوباوە ئەمریکییەکان دەردەپەڕێنن و میوانداریی چالاکییەکانی بزووتنەوە فەڵەستینییەکە دەکەن[11].

– مەترسییەکی تری نیشتەجێکردنی بزووتنەوەی حەماس لە عێراق، ئەگەری زیادبوونی چالاکییە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئێران و وڵاتانی دیکەیە؛ بە جۆرێك عێراق دەکاتە گۆڕەپانی سیخوڕیی وڵاتانی پەیوەندیدار[12].

– دەشێت تێوەگلانی گرووپە شیعەکان لە پەنادانی حەماس، سوودی سیاسی و دیپلۆماسیی بۆ هەرێم هەبێت؛ بەو پێیەی بەشە نزیکەکە دەبێت لە وڵاتانی ڕۆژاوا. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەیش هەیە بکرێتە ئامانجی هەڵمەتی سیاسی و میدیایی و تەنانەت سەربازییش، بە پاساوی ئەوەی پشتیوانیی کێشەی فەڵەستین ناکات، ئەگەر پێشوازی لە هاتنی حەماس بۆ عێراق نەکات.

**حەماس و ئێران**

ئەگەرچی بزووتنەوەی حەماس بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٨٧ وەك بزووتنەوەیەکی "بەرگریکار"ی فەڵەستینی لە هەناوی کۆمەڵی "ئیخوان موسلیمین"ەوە ڕاگەیەنراوە، بەڵام بەهۆی چالاکییەکانییەوە دژی ئیسرائیل لە ڕاپەڕینی فەڵەستینییەکاندا لە ساڵی ١٩٩٠ بانگهێشتی تاران کراوە و، لە ساڵی 1991 ئۆفیسی لە ئێران کردۆتەوە. بەهۆی گوشاری ڕۆژاوا و ئەمریکاش بۆ سەر ئێران، چ بەهۆی دۆسیەی ئەتۆمی یان پرسەکانی ترەوە، ئێران لە ڕێگەی حەماسەوە وا پیشان دەدات کە کلیلی هەندێک قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدەستەوەیە و، بەبێ تارانیش ئەو قەیرانانە چارەسەر ناکرێن، لەوانەیش پرسی ئاڵۆسکاوی فەڵەستین. ئەمەیش جیا لەوەی هێز بە ئێران دەبەخشێت، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیش لەسەر خاکی ئێران کەم دەکاتەوە و کێشەکانی هەناردەی دەرەوە دەکات[13].

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی وا دەکات ئێران دەستبەرداری حەماس نەبێت و هەوڵی پەنادانی لە عێراق بدات، گرنگیی پەیوەندی و وابەستەیی حەماسە وەك بزووتنەوەیەکی سوننە لەگەڵ کۆماری ویلایەتی فەقیهی ئێرانیدا. ئەمەیش پاڵپشتییەکی جۆرایەتییە بۆ ئێران کە لە کێبرکێیەکی کراوەی شەرعییەت و مەزهەبیدایە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی؛ بەهۆی ئەوەیشی میحوەری کاریگەری عەرەبی (کەنداو _ میسر) بەرژەوەندییەکانیان زیاتر لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدایە، ئێران دەرفەتی زیاتری هەیە حەماس بکاتە یەکێك لە ئامرازەکانی خۆی، بەو پێیەی دەرفەت و پشتیوانیی تری نییە. هەر بەم هۆیەیشەوە لە ئێستادا حەماسیش ئەندامێکە لەو بەرەیەی کە عێراقی گرووپە چەکدارەکان و حزبوڵڵای لوبنان و کۆمەڵی ئەنساروڵڵای حووسی لەخۆ دەگرێت و پێکڕا پێیان دەوترێت "بەرەی موقاوەمە"؛ لەنێو ئەم بەرەیەشدا بەتەنیا حەماس هێزێکی سوننەیە.

هەر بەم هۆیەیشەوەیە بەرپرسانی ئەمریکی و ئیسرائیل مەزەندەی ئەوە دەکەن، ئێران ساڵانە لانی کەم ٧٠ بۆ ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ حەماس دابین بکات. پێشتریش ئیسماعیل هەنییە سەرکردە لە بزووتنەوەی حەماس لە ساڵی ٢٠٢٢ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی جەزیرە باسی لەوە کردبوو کە، بزووتنەوەکەی ساڵانە ٧٠ ملیۆن دۆلار لە ئێران وەردەگرێت. دوا بە دوای هێرشی حەماسیش بۆ سەر ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، خەزێنەی ئەمریکا محەمەد نەسروڵڵا، کادری حەماسی نیشتەجێی قەتەری خستە لیستی سزاکانییەوە. ناوبراو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئێران هەیە و دەستی هەبووە لە گواستنەوەی دەیان ملیۆن دۆلار بۆ حەماس؛ جگە لەمەیش خەمڵاندنە ئەمریکییەکان باس لەوە دەکەن بەهۆی پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ حەماس و

بنیاتنانی توانا سەربازییەکانی، حەماس توانیویەتی هێرشەکانی سەر ئیسرائیل لە 7ی ئۆکتۆبەری 2023 ئەنجام بدات[14].

**کۆبەند**

گواستنەوەی بنکە سەرەکییەکانی حەماس لە قەتەرەوە بۆ عێراق، یەکێکە لە ئەگەرە کراوە و بژاردە ڕێتێچووەکانی قۆناغی ئایندە و، هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا بڕیارێکی ئاسان و بێکێشە نییە و تا ئێستا تەنیا لە چوارچێوەی دەنگۆ و شەڕی میدیاییی هێزە کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئەم بزووتنەوە فەڵەستینییە لە ئێستادا لە ڕێگەی ئۆفیسێکی پەیوەندی و میدیاییەوە بەکردەیی هاتووەتە ناو بەغدای پایتەختەوە؛ هاتنەکەیشی بۆ عێراق دەرهاوێشتە و لێکەوتەی پەیوەندیی بەهێزی بزووتنەوەکەیە بە ئێرانەوە کە بنکەی سەرەکیی "میحوەری موقاوەمە"یە. هاتنی حەماس بۆ عێراق بێ لێکەوتە نابێت و هەندێك لەوانەیش دەشێت کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت، چ وەك بەشێك لە عێراق، چ وەك هەرێمێك کە بەرژەوەندیی زۆری لەگەڵ نەیارانی "بەرەی موقاوەمە"دا هەیە.

[1] https://bit.ly/3W1kJpd

[2] https://bit.ly/4eYnK2h

[3] https://bit.ly/4cXIWUm

[4] https://bit.ly/3Y3QbWq

[5] https://bit.ly/3Y3QbWq

[6] https://bit.ly/4bFptXu

[7] https://bit.ly/3S5jlRm

[8] https://bit.ly/4eUhPvf

[9] https://bit.ly/4eUhPvf

[10] https://bit.ly/4eZHbaY

[11] https://bit.ly/4d06bgk

[12] https://bit.ly/3XWFGnV

[13] https://bit.ly/3LHhqyV

[14] https://bit.ly/4cGS2oO